**حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی ناوخۆ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**ب . كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان**

**حكومة إقليم كوردستان-العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة الداخلية**
**المديرية العامة للديوان**
**مديرية الإدارة و الموارد البشرية**

---

ژمارە: ١٢١٨٩ / ك (ISO 9001:2015) العدد:

ڕێكەوت: / / ٢٧ كوردی التأريخ: ٣٠/٤/٢٠٢

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٤)

## هەمواری دووەمی ڕێنمایی پلە بەرزكردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەكان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١

دوا بەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پلە بەرزكردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەكان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموار كراو بە ڕێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**بڕیارماندا بە :** دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ماددەی یەكەم :**هەموار كردنەوەی خاڵی (٢)ی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەمواری یەكەمی ڕێنمایی پلە بەرزكردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەكان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

ماددەی چوارەم:خاڵی (٢) برگەی سێیەم پلەی(**عقید بۆ عمید**)

**٢.** پێویستە پۆستی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، یان یەكێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانی دیكەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ)، و (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لە یەكێك لە دامەزراوەكانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری كاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان)، بەمەرجێك بەڕێوەبەرایەتییەكە لە پەیكەری ڕێكخستنی پەسەندكراو هەبێت، یان پشكێنەر بێت لە دەستەی پشكنینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەو ئەفسەرانەی كەناونیشانی (شارەزا) لەدادگای تایبەتمەند وەردەگرن بەپێی یاسای شارەزایان بەرامبەر دادوەری ژمارە(١٦٣ی ساڵی ١٩٦٤) و ماوەی (١٠) ساڵ لە تاقیگاكانی بەڵگەكانی تاوان خزمەت دەكەن وسەرپەرشتی ئەو تاقیگانە دەكەن بەمەرجێك ناسنامەی شارەزایان هەبێت و ناسنامەكەیان بەسەر نەچوبێت .

**ماددەی دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی[...] و لە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـــری نـاوخـــو**

**وێـنـەیەك بـۆ :-**

- سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆكایەتی[...]زدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان بۆ بڵاوكردنە[...] لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز بریكاری وەزارەت ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژكاران ( ) ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ كاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆكان/( )بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ /( )بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی یاسایی/ بۆكاری پێویست
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ/ بۆ كاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- ب.كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان/ڕاژەی سەربازی
- ب.ژمێریاری - ب.پلان دانان . - ب.ڕاگەیاندن و پەیوەندیەكان - ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو .



Scanned with CamScanner